پانۆراما

فەهد گردەوانی
2006/10/ 31

مامۆستا ئەحمەد هەردی

Lula da Silva

Mohammadu Maccido.



Arnold Schwarzenegger

یەکەم... شۆڕشگێر...فیدل کاسترۆی{1926/8/13} شۆڕشگێر بۆ ئەوەی بە دوژمنەکانی خۆی بڵێ من زیندووم ، ئەمردووم ، لە ئەخۆشخانە رایگەیاند [دوژمنانم مردنی منیان زوو راگەیاند].فیدل کاسترۆ ساڵی 1959 دەسەڵاتی گرتە دەست و رژێمی پاتیستای روخاند.

دووەم...مانئاوایی...یەکێک لە ئەستێرە گەشەکانی{پرشینگدار} ئەدەبی کوردی ، مامۆستا ئەحمەد هەردی[1922ـ2006/10/29] کۆچی دوایی کرد و مانئاوایی لە ووشەی کوردی کرد. لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا. مامۆستا بەرهەمی کەم بوو بەڵام شوێنی تایبەتی خۆی لە ئەدەبی کوردی کردبۆوە و هەتا ئەدەبی کوردی زیندوو بێت ، ناوی مامۆستا ئەحمەد هەردیش هەردەمینێ.
سێیەم...دیموکراسی...لولا دا سیلڤا جاران [بۆیاغچی کەوش بوو]ئەسکافیا پیشەی بوو. خەڵکی بەرازیل هەڵیانبژارد بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکیان .لە 1945/10/27 لە ناوچەی پیرنامبۆکۆ لەدایک بووە . لە تەمەنی 21 ساڵیدا پەنجەیەکی لەدەستدا کاتێک لە کارگەی دروستکردنی کەلوپەلی ئۆتۆمۆبیل کاری دەکرد. لەوکاتەدا بووە ئەندامێکی چالاکی سەندیکای کرێکاران .

چوارەم...پەناهەندەیی...پارێزگاری کالیفۆرنیا ، ئەکتەری بەناوبانگ [ئارنۆڵد شوارزنێگەر]ە. ئەو کابرایە لە 1947 /7/30 لە دەرەوەی شاری {گراس}ی نەمسا[ئوتریش] لە دایک بووە. لەساڵی 1983 بووە بە هاوڵاتی ئەمریکی و لە 1986/4/26 کچەخوشکی سەرۆکی ئەمریکای پێشوو {جۆن .ف.کەنەدی}کردە هاوسەری خۆی ،کەناوی {ماریا شریڤەر}ە. ساڵی 2003 هەڵبژێردرا لە سەر لیستی پارتی کۆماری ئەمریکا. ئەرێ کوردەکی لەدایک بووی دیار بەکر یا لەدایک بووی مەهاباد یا لەدایک بووی قامیشلۆ ، بۆی هەیە ببێتە پارێزگاری شاری سلێمانی ، دهۆک ، کەرکوک ، هەولێر .
پێنجەم...فرین بەرەو ئاسمان...ئەو فرۆکەیەی لە پایەتەختی نیجیریا ، ئەبوجا سووتا و بووە هۆی مردنی زیاتر لە 120 مرۆڤ ، گوایە سەرۆکی موسڵمانانی نیجیریا سولتانی سوکوتو {محەمەدۆ مەکیدۆ}ی تێدا بووە و سوتاوە ، خوا رەنگە لەسەر زەوی خستیە ناو ئاگر ، بەڵام لە ژێر زەوی دەیخاتە بەهەشتی پانوبەرین .

شەشەم...بێشەرمی...ئویستین پیتەرسینی نەرویژی لە شاری دۆسیلدورفی ئەڵمانیا بە رووتوو قووتی بەشداری یاری راکردنی کرد. بۆ تەماشاکەران[چاوێکەران] و وێنەگرەکان جێگای خۆشی و سەرسوڕمان بوو.

حەفتەم...ئازادی زیندانی...لە یەکێک لە زیندانەکانی[گرتووخانەی] سوێدی کابرایەکی زیندانی ژنەکەی بۆ چەند کاتژمێرێک هاتە سەردانی و چوونە ژوورەوەی یەکتربینین و دەستیان کرد بە [رابواردن]، کاتێک گاردی زیندانخانەکە[حەرەس] ، دەرگای کردەوە و هەردوکیانی بە رووتووقووتی بینی پشتاوپشت گەڕاوە دواوە . کابرای زیندانی نارەزایی خۆی دەربڕی و گووتی ژنەکەم زەوقی تێکچوو. پاش ئەو کارەساتە ، زیندانی بۆ ئەوەی ئازادی خۆی وەربگرێت لەگەڵ هاوسەرەکەی یا دۆستەکەی یا یارەکەی بریار درا کلیل بۆ دەرگای ئەو ژوورانە دروست بکەن.